**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٢١٨٨ لە ٢٠٢٤/٤/٣٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و دوا بەدوای ڕێنمایی وەزارەتمان ڕێنمایی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بڕیارماندا بە: دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەموارییە :

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای کۆمپانیای ئەمنییە تایبەتەکان**

**لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ماددەی (١):**

هەڵوەشاندنەوەی **ماددەی (٧)** لە ڕێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

**ماددەی (٧):**

١- هێنانەکایەی هۆبەی(بەدواداچوونی کۆمپانیا ئەمنییەکان)سەر بە بەشی جولانەوە لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و لە ژێرسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان .

٢- لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لیژنەیەکی بەدواداچوون وپشکنین پێک دێت بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێک کە پلەی لە (رائد) کەمتر نەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی و ئەندامیەتی ئەفسەرێک لەبەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ و ئەفسەرێک لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش بۆپشکنین و بە دواداچوونی کار و چالاکییەکانی کۆمپانیا ئەمنییەکان ، ساڵانە جارێک سەرۆک و ئەندامانی لیژنە دەگۆڕدرێت .

٣- کاری لیژنەی هاتوو لە بڕگەی(٢)ی ئەم ماددەیە لە ژێر سەرپەرشتی هۆبەی خاڵی(١)دەبێت

٤- پێویستە لەسەر ئەم لیژنەیە بەبەردەوامی سەردانی کۆمپانیا ئەمنییەکان و ئەو شوێنانە بکات کە گرێبەستەکەیان لێ جێبەجێ دەکات و پێویستە کۆمپانیاکان پابەندبن بەهەموو بڕگە و ماددەکانی یاسای کۆمپانیا ئەمنیەکان ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ و ڕێنمایی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢.

٥- لەکاتی بینینی هەرپێشێلکارییەک لەلایەن هەرکۆمپانیایەکی ئەمنی لیژنەی پشکنین ڕاپۆرت بەرزدەکاتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر ئەم پێشێلکارییە.

٦- پێویســـتە ئەم لیژنەیە مـانگـانە ڕاپۆرتی تـایبەت بە بەدواداچوون وپشـــکنین بۆ کـاری کۆمپـانیـا ئەمنییەکان لە سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ئامادەبکات و لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پـۆلیـس/بەڕێـوەبەرایەتـی پـۆلیســـی پـارێـزگـا و ئـیـدارە ســـەربەخـۆکـان ڕەوانەی وەزارە تی ناوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان بکات

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردســـتان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**